# بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری لە میرایەتی سۆراندا

د. ئاراس محەمەد سالح
(زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)

## سەرەتا

لە ڕۆژگاری میرایەتییە کوردییەکاندا تەنیا ناوەند بۆ خوێندن و ڕۆشنبیری مزگەوت و خوێندنگە ئایینییەکان بووە، ئەو ناوەندانە لەیەک کاتدا مامۆستای ئایینی و قازی و کاربەدەستی حکوومەت و فەرمانبەری دەوڵەتیان پێگەیاندووە، لەهەمان کاتدا هەموو شاعیران و مێژوونووسان و ڕۆشنبیران لەو ناوەندە زانستیانە دەرچوون و خزمەتی زۆریان بە مێژووی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری میللەتەکەیان کردووە، لەبەر گرنگی و بایەخی گشتی و پێویستی ژیانی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان، میرە کوردەکان بەردەوام هاوکار و پشتگیرێکی باشی پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری بوون لە قەڵەمڕەوەکانیاندا.

یەکێک لەو میرایەتییانەی هاوکاری زۆری پرۆسەی خوێندنیان کردووە لە سنووری میراتییەکەیاندا و توانیویانە گەشە بە بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری بدەن میرەکانی سۆران بوون، وەک کردنەوەی خوێندنگە و هاوکاری زانایان و کۆکردنەوەی زانا گەورەکان لە سنووری قەڵەمڕەوەکەیاندا، هەروەها دابینکردنی وەقف بۆ پێویستی خوێندن.

میرەکانی میرایەتی سۆران لەگەڵ هەبوونی نائارامی سیاسی لە زۆر لە قۆناغەکانی میرایەتییەکەیاندا، بەڵام لە پشتگیری پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری بەردەوام بوون و ئەوەی بۆیان کرابێت دریغییان نەکردووە، هەر ئەو هاوکاری و پشتگیرییەی میرانی سۆران بووە لە زانایان و پرۆسەی خوێندن کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری ئەواندا دەیان زانای گەورە و مەڵبەندی زانستی لە سنووری میرایەتییەکەیاندا ناوبانگیان پەیدا کردووە و لە هەموو کوردستاندا خزمەتی بزاڤی زانست و ڕۆشنبیری کردووە.



شەرەفخانی بەدلیسی

**سەرەتایەک دەربارەی میرایەتی سۆران**

لەبەر بەربڵاوی نەخوێندەواری و نائارامی سیاسی و دووره دەستی و سەختیی شوێنی جوگرافی میرایەتی سۆران مێژوونووس و گەڕیدەکان کەم ئاوڕیان بەلای مێژووی میرایەتی سۆراندا داوەتەوە، لەبەر ئەوە ئەستەمە سەرەتای دروستبوونی میرایەتی سۆران دیاری بکرێت، شەرەفخانی بەدلیسی باس لەوە دەکات سەرەتای دروستبوونی میرایەتی سۆران لەلایەن کەسێکی بە ڕەچەڵەک عەرەب لە (هاودیان)ی ناوچەی سۆران بناغەی ئەو میرایەتییە دانراوە، لە پاش خۆی عیسا بەگی کوڕی جڵەوی حوکمڕانی گرتووەتە دەست، میر عیسا لە ناوچەی بەردەسوران جێگیر دەبێت، پاشان بەهۆی تێپەڕینی کاتەوە بەردەکەی لادەبرێت و دەبێت بە سوران، لەپاش ئەوە ناوی میرایەتییەکە دەبێتە میرایەتی سۆران(١).

هەتا ڕۆژگاری (میر عیزەددین شێر) میرایەتی سۆران ژمارەیەک میر بەڕێوەیان بردووە، میر عیزەددین لەبەر ئەوەی دژی عوسمانییەکان هەنگاوی ناوە، لەلایەن عوسمانییەکانەوە کوژراوە، لەپاش ئەو میر سەیفەددینی داسنی دەسەڵات دەگرێتە دەست، لەدوای ئەم میرەیش هەریەکە لە قەلی بەگ و عیسا بەگ دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، بەهۆی ئەو بارودۆخە ناجێگیرەوە میرایەتی سۆران زۆرجار پایتەختی خۆی گۆڕیوە و لە هەریەکە لە هاودیان و حەریر و خەلیفان و هەولێر و ڕەواندز حوکمڕانی کردووە(٢).

لە ڕۆژگاری حوکمڕانی میر محەمەدی گەورە (پاشای کۆرە) میرایەتی سۆران گەشەی زۆر دەکات، میر محەمەد لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە میر مستەفای باوکی بەڵێنی ئەوەی لێوەردەگرێت کە دەست کراوە بێت و باوکی دەست نەخاتە کاروباری، میری کۆرە توانی هەموو کێشە ناوخۆییەکانی ململانێی بنەماڵەکەیان لەسەر کورسی دەسەڵات کۆتایی پێ بهێنێت، بە دەستێکی ئاسنین لە کەسانی خراپی دەدا، توانی ئاسایشی میرایەتییەکەی دەستەبەر بکات، بە جۆرێک لە هەموو لایەکەوە حیسابی بۆ کراوە.

لەڕووی ئاوەدانییەوە میری کۆرە چەند پردی هاتوچۆی لەسەر ڕووباری ڕەواندز دروست کردووە، لەبەر ئەوەی میرایەتییەکەی دەکەوتە ناوچەیەکی سەخت و لە هەمان کاتدا سەرەڕێگەی کاروانی بازرگانی بوو، توانی داهاتێکی زۆر کۆبکاتەوە و لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیدا خەرجی بکات، هەروەها توانی چەند قەڵایەک دروست بکات و کەسانی باوەڕپێکراوی خۆی بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی میرایەتییەکەی لەو قەڵایانەدا دابنێ(٣).

ئەم میرە توانیویەتی تۆپ و چەک دروست بکات و جبەخانەی سەربازی پێکەوە بنێت، سکەی بە ناوی خۆیەوە لێ داوە و لە هەوڵی سەربەخۆییدا بووە، بەڵام بەهۆی پەلاماردانی میرایەتییە کوردەییەکانی دەوروبەریەوە، دوژمن و ناحەزی زۆری بۆ خۆی دروست کردووە، لە هەمان کاتدا لە هەوڵی دروستکردنی پێوەندی دەرەکی بووە لەگەڵ ئێران و محەمەد عەلی میسردا، هەموو ئەو هەنگاوانە دەوڵەتی عوسمانی تووڕە دەکات و لە ئەنجامدا هێرش دەکاتە میرایەتییەکەی و لە ساڵی (١٨٣٦ز) بە تەواوی لەناوی دەبات(٤).

بە هۆی پشتگیری میرەکانی سۆران لە بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەو گەشەکردنەی ڕووی لەو میراتییەتییە کردبوو هەستی سەربەخۆیی و نیشتمانی لەناو خەڵکەکەیدا گەشەی کردووە، بۆیە ناوچەی ڕەواندز بووەتە مەڵبەندی ئازادیخوازی کورد و لەو ناوچەیەدا

ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی کراوە، هەروەک ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ن.آ.خەلفین) دەڵێت: (لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی نۆزدەدا (١٨٣٥-١٨٣٧) مەڵبەندی جووڵانەوەی ئازادیخوازانی کورد ناوچە سەختەکەی ڕەواندز بووە، لە نێوان زێی گەورە و سنووری ئێراندا، خەباتی کوردی ئەم ناوچەیە بە سەرۆکایەتی میری ڕەواندز دژی تورک کە ڕەواندزیان داگیرکردبوو، دژی ئێران کە خاکە کوردییەکانی دەوری ڕەواندزیان داگیرکردبوو)(٥).

بێ گومان ئەو هەستە نیشتمانییە هەڵقوڵاوی هەست و ناخی گەلێکی هۆشیارە و هەر لە خۆڕا نەهاتووەتە دی، ئەو هەستە سیاسییە زادەی ئەوەیە کە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری خەڵکەکەی لە ئاستێکی باشدا بووە.

## سیاسەتی زانستی و ڕۆشنبیری لە میرایەتی سۆراندا

بەدرێژایی مێژوو مزگەوت و خوێندنگە ئایینییەکانی کوردستان جێگەی بایەخی میر و بەگ و کۆی گشتی خەڵکی بوون، ئەو ناوەندە زانستییانە بە تواناییەکی کەمەوە و لە ناوچە دوورە دەستەکان و دوور لە هەموو هاوکارێکی دەوڵەتی و نەبوونی خانووبەرەی گونجاو و دامەزراوەی گەورە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانای گەورە و نووسەر و شاعیر و ئەدیبی باڵایان پێگەیاندووە، کە بە درێژایی زیاتر لە چواردە سەدە خزمەتی گەورەیان بە بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری کردووە لە هەموو کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا(٦).

بێ گومان کۆمەڵێک پاڵنەری سەرەکی وایانکردووە خوێندنگەکانی کوردستان لەسەر پرۆسەی خوێندن بەردەوام بن، لە گرنگترین ئەو پاڵنەرانە:

**یەکەم: پاڵنەری ئایین و باوەڕ:** پاڵنەری باوەڕ و خواناسی پاڵنەرێکی باش بووە کە میرە کوردەکان پشتگیری پرۆسەی خوێندنیان کردووە، چونکە خودی میرەکان لەو ناوەندانەدا فێری خوێندەواری بوون، هەروەها خەڵکی بەگشتی هاوکاری ئەو ناوەندە زانستییانەیان کردووە بە هیوای پاداشتی ڕۆژی دوایی، لە هەمان کاتدا مامۆستا و قوتابی بێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت و کرێ بن، ساڵانێکی زۆر خزمەتی ئایین و زانستیان کردووە بە هیوای پاداشتی خوای گەورە(٧).

**دووەم: تەنیا ناوەند بوون بۆ پێگەیاندنی خوێندەوار:** خوێندنگە ئایینییەکان تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم تەنیا ناوەند بوون بۆ فێربوونی خوێندن و خوێندەواری، لەو ناوەندە ئایینییانەدا مامۆستای ئایینی و قازی و کاربەدەست پێگەیشتووە، میر و بەگە کوردەکان پشتگیری ئەو ناوەندانەیان کردووە بۆ پێگەیاندنی کاربەدەست و کارگێڕ و قازی میرایەتییەکەیان.

**سێیەم: بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەوشت و ئاکاری بەرز:** خوێندنگە و مزگەوتەکانی کوردستان ناوەندێکی گرنگ بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەوشت و ئاکاری جوان، بنەماکانی ئیسلام کە لەو خوێندنگایانەدا دەخوێنران و خەڵکیان فێری ڕاستگۆیی و دەستپاکی و داوێنپاکی و دوورکەوتنەوە لە هەموو کردەوەیەکی خراپ کردووە، دڵسۆزانی کورد زانیویانە ئەو ڕەوشتە جوانانەی لە خوێندنگەکاندا فێری دەبن باشترین ڕێگەی پاراستنی میللەتە لە کردەوەی خراپ و داڕووخانی کۆمەڵگە.

**چوارەم: بۆ پابەندبوون بە سیستمەوە:** زۆرجار هەندێک خێڵ و دەستە و گرووپ کێشەیان بۆ میر و دەسەڵاتە ناوچەییەکان دروست کردووە، لە بەرانبەردا مامۆستایانی ئایینی و ئەو ڕێنوێنییانەی لە خوێندنگەکاندا دەخوێنران هانی خەڵکیان دەدا بۆ پابەندبوون بە قانوون و سیستمی میرەکان و دوور کەوتنەوە لە هەموو کردەوەیەکی ڕێگری و یاخیبوون لە دەسەڵات(٨).

شاعیری هۆشیار و نیشتمانپەروەر حاجی قادری کۆیی بەشێکی حوکمڕانی میرەکانی کوردستانی بە چاوی خۆی بینیوە، بە تایبەتی میرایەتی سۆران و پشتگیری ئەو میرانە لە پرۆسەی خوێندن و هاوکاری زانایان، حاجی قادر لەگەڵ (مەلا عەبدوڵڵای جەلی)دا چوونەتە ناوچەی باڵەکایەتی بۆ خوێندن، چوونی حاجی قادر و مەلا عەبدوڵڵا لە کۆیەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی بەڵگەی بزاڤی زانستی ئەو ناوچەیەیە لەو ڕۆژگارەدا(٩)، چونکە شاری کۆیە بە بەراورد بە ناوچەکانی تری کوردستان لەو ڕۆژگارەدا لە ئاستێکی باشی خوێندن و زانیاریدا بووە(١٠).

هەروەها ئەم شاعیرە هۆشیارە لە شیعرەکانیدا ڕەخنە لە زۆر دیاردەی خراپی ڕۆژگاری خۆی دەگرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ستایشی ڕۆڵی میرە کوردەکان دەکات کە یارمەتی پرۆسەی خوێندنیان داوە، بە تایبەتی میری کۆرە کە بە چاوی خۆی بینیوبەتی، لەو بارەیەوە دەڵێت:

**تا تەعیانی کۆر لاڵ مابوو**
**لە گەڵێ دێیەکان مەلای چابوو**
**ئەو دوانە بەرەحمەتی خوا چوون**
**شارەکان بێ مەلا و مودەڕیس بوون**(١١).

حاجی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە سەردەمی میری (کۆر و لاڵ) مەبەستی لە کۆر پاشای کۆرەی ڕەواندزە و لە (لاڵ) مەبەستی عەبدولڕەحمان پاشای بابانە، کە لە سەردەمی ئەو دوو میرەدا، مزگەوت و خوێندنگەکان ئاوەدان بوون و لە زۆربەی دێهاتەکاندا مەلای باش هەبووە، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو دوو میرایەتییانە بووژانەوەی زانستی ڕووی لە کزی کردووە(١٢).

**حاکم و میرانی کوردستان**
**هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان**
**یەک بەیەک حافیزی شەریعەت بوون**
**سەیدی قەوم و شێخی میللەت بوون**(١٣).

حاجی لێرەدا شانازی بە مێژووی نەتەوەکەیەوە دەکات و باس لەوە دەکات کە میرەکانی کورد سەرکردە و پێشەوا و دڵسۆزی میللەتی خۆیان بوون، لەهەمان کاتدا پارێزەر و خزمەتکاری شەریعەت بوون، ئێستایش ئەگەر کورد دەوڵەت و دەسەڵاتی هەبێت هیچ پێچەوانەی ئایین و شەریعەت نییە، بەڵکو ئەو دەوڵەتە دەبێتە جێبەجێکەر و پارێزەری شەریعەت و میللەت، ڕەنگە لە سەردەمی حاجیدا باس لەوە کرابێت کە نابێت کورد دەوڵەتی هەبێت، بەڵکو دەبێت هەموو گەلانی موسڵمان لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیدا بن و نابێت گەلانی موسڵمان پارچە پارچە بن، حاجی لێرەدا باس لەوە دەکات بوونی دەوڵەتی کوردی هێزە بۆ شەریعەت نەک دژی بێت.

کاتێک پاشای کۆرە دەبێتە میری سۆران و دەتوانێت سنووری دەسەڵاتەکەی فراوان بکات دەست بەسەر هەولێردا دەگرێت، لەبەر ئەوەی ئەم میرە زۆر ئارەزووی لە خوێندن و خوێندەواری بووە و حەزی لە سیستمی دەروێشایەتی نەبووە، فەرمان دەکات هەر مەلایەک لەهەر تەکێ و مزگەوتێکدا بێت لە هەولێر ئەگەر تەدریس نەکات و دەرس بە فەقێیان نەڵێتەوە، دەبێت لەو شارەدا نەمێنێت، دەڵێت من زانستم دەوێت و کارم بە تەریقەت نییە، ئەم هەڵوێستەی پاشای کۆرە هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ گەشەپێدانی بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری، لە هەمان کاتدا بەڵگەی دڵسۆزی ئەو میرە کوردەیە بۆ پێشخستنی خوێندن و خوێندەواری لە میرایەتییەکەیدا(١٤).

هەر ئەم میرە لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ گەشەپێدانی زانست و ڕۆشنبیری فەرمانێکی تر دەردەکات و داوا دەکات هەر فەقێیەک لە ماوەی شەش مانگدا کورتەی (متن)ی کتێبێکی فیقهی ئیمامی شافیعی لەبەر بکات دوو لیرەی ئاڵتوونی کە یەکسانە بە(١٠گرام) بە دیاری دەداتێ، لە ماوەی دیاریکراودا زیاتر لە (٦٠٠) فەقێ کتێبێک بۆ ئەو پێشبڕکێیە لەبەر دەکەن، هەروەها ئەم میرە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی خۆیدا داوای کردووە هەر گوندێک لە پەنجا ماڵ کەمتر نەبێت لە سنووری میرایەتییەکەیدا، دەبێت زانایەکی ئایینی بۆ دابنرێت و فەقێ و خوێندنگەی هەبێت و دەرس بە فەقێیان بڵێتەوە، لە هەمان کاتدا دەبێت خەڵکی گوندەکە ژیانی مامۆستاکە و فەقێیان دابین بکەن(١٥).

## کۆکردنەوەی زانا گەورەکان لە سنووری میرایەتییەکەیاندا

یەکێک لە سیاسەتی خوێندن و ڕۆشنبیری میرە کوردەکان کۆکردنەوەی زانا گەورەکان بووە لە سنووری قەڵەمڕەوەکەیاندا، میرە کوردەکان پشتگیری بەردەوامی خوێندن و ڕۆشنبیری بوون و بۆ ئەو مەبەستە خوێندنگەو مزگەوتیان کردووەتەوە و وەقفیان بۆ دابین کردوون، چونکە ئەو ناوەندانە تەنیا ناوەند بوون خوێندەواریان بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری میرایەتیەکەیان پێگەیاندووە، لە هەمان کاتدا پەروەردە و ئاراستەکردنی ئەو ناوەندە ئایینییانە ڕۆڵی گەورەیان لە دابینکردنی کۆمەڵاتی و هاندانی خەڵکی بۆ پابەندبوون بە سیستم و قانوونی میرەکانەوە بینیوە.

میرەکانی سۆرانیش لە کۆکردنەوەی بنەماڵە زانستییەکان لە سنوورەکەیاندا درێغییان نەکردووە، لە سەردەمی میر سولەیمان بەگدا، هەرچەندە ئەم میرە نەخوێندەوار بووە، بەڵام خۆشەویستی زۆری بۆ زانایان هەبووە، ئەم میرە توانی بنەماڵەی حەیدەرییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بباتە سنووری میرایەتییەکەی و لە حەریر خوێندنگە و مزگەوتیان بۆ بکاتەوە، حەیدەرییەکان لە دوای نیشتەجێبوونیان لە سنووری

میرایەتی سۆراندا ڕۆڵی گەورەیان لە بڵاوکردنەوەی خوێندن و زانست لە حەریر و ماوەران و هەولێر و بەغدا بینیوە، زۆربەری ڕشتەی ئیجازەنامەی زانایانی عێراق دەچێتەوە سەر زانایانی حەیدەری، حەیدەرییەکان زیاتر لە چەند سەدەیەک لە خزمەتی زانست و ڕۆشنبیری لە هەموو عێراقدا بەردەوام بوون(١٦).

هەر لە ڕۆژگاری میر سولەیماندا ئەم میرە کوردە دەتوانێت بنەماڵەی مەلا گچکەی هەولێری (مەلا ئەبووبەکر)ی باپیری بنەماڵەی مەلا گچکەی هەولێر و مەلا ئەحمەدی ئەعیان لە ناوچەی مەریوان و لە گوندی (سەولاوا)وە بۆ هەولێر بگوێزێتەوە، لە دوای نیشتەجێبوویان لەو شارەدا، ئەم بنەماڵە زانستییە زیاتر لە چوار سەدە خزمەتی زانست و ڕۆشنبیرییان کردووە و ڕۆڵی سەرەکییان لە پێشخستنی خوێندن و ڕۆشنبیری لە هەموو کوردستاندا بینیوە(١٧).

میری کۆرە خۆشەویستی زۆری بۆ زانایان هەبووە، هەر بۆیە گەورەترین زانای سەردەمی خۆی (مەلا محەمەدی ئیبنوئادەم) دەباتە ڕەواندز و دەیکاتە قازی و مودەڕیسی مزگەوتی گەورەی ڕەواندز، دوای تێکچوونی نێوانی میری کۆرە و مەلای ئیبنوئادەم و ڕۆیشتنی مەلای ئیبنوئادەم، میری کۆرە یەکێکی تر لە زانا گەورەکانی قەڵەمڕەوەکەی دەباتە ڕەواندز کە ئەویش مەلا محەمەدی خەتێ بووە و دەیکاتە قازی و مودەڕیس لە ڕەواندز(١٨). لە ڕۆژگاری میری کۆرەدا لە خەزێنەی تایبەتی دەوڵەت مووچەی بۆ زانایان دابین کردووە(١٩).

لەگەڵ ئەوەشدا کە میرەکانی سۆران هەوڵی کۆکردنەوەی زانایانیان لە سنووری میرایەتییەکەیاندا داوە، گوشار و پەلاماری سەفەوییەکانیش فاکتەرێکی بەهێزبووە کە زۆر لە بنەماڵە زانستییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو باشووری کوردستان کۆچ بکەن و پەنا بۆ میرە کوردەکان بەرن، هەرچەندە پێشتر باسی ئەوە کرا کە میری سۆران بنەماڵەی حەیدەری هێناوە، لەهەمان کاتدا باس لەوەیش دەکرێت کە حەیدەرییەکان لەژێر گوشاری سەفەوییەکاندا بەرەو ناوچەی سۆران هاتبن وەک بنەماڵەیەکی خوێندەوار و زانستی کە جێگەی سەرنجی سەفەوییەکان بوون(٢٠).

یەکێکی تر لە بنەماڵە زانستییە گەورەکانی ناوچەی سۆران بنەماڵەی شێخ (وەتمانی)یە، ئەم بنەماڵە بەهرەمەندە لە بنەڕەتدا خەڵکی (قلیاسان)ی نزیک شاری سلێمانین، پاش کۆچکردنیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی لاجان نیشتەجێ بوون، پاشان گوندی (خواجاڵ) بۆ خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە، لەکاتی هێرشی سەفەوییەکاندا بۆ کوردستان بەر شاڵاوی ئەو سوپایە کەوتوون چەند کەسێکیان لێ شەهید کراوە، پاش ئەو کارەساتە ناچار دەبن بەرەو ناوچەی سۆران کۆچ بکەن، دوای هاتنیان بۆ ناوچەی سۆران لە گوندی شێخ وەتمان نیشتەجێ بوون، ئەم بنەماڵە زانستییە ڕۆڵی گەورەیان لە گەشەپێدانی زانست و ڕۆشنبیری لە ناوچەی سۆراندا هەبووە، زیاتر لە چل مەلای گەورە لەو خێزانەدا هەڵکەوتووە، بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٥٠ساڵ) دەرسیان بە فەقێیان وتووەتەوە و دەیان و سەدان فەقێ و مەلای گەورەیان پێگەیاندووە(٢١).

هەروەها کۆچی ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی لە شارە گەورەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە لەدوای هێرشی مەغۆلەکانەوە بۆ دیهاتەکانی ناو چیاکانی کوردستان کە شوێنێکی سەخت بوون و دەستی داگیرکەرانی پێ نەدەگەیشت، دوای ڕووبەڕووبوونەوەی پەلاماری دوژمنان بۆ ئەو ناوچانە، ئەم کۆچەیش وای کرد سەدان خێزانی زانستی ڕووبکەنە کوردستان و کاریگەرییان لەسەر بەرەوپێشەوەچوونی ژیانی زانستی و فیکری ناوچەکە هەبێت(٢٢).

### بەشێک لە مەڵبەندە زانستیەکانی سنووری میرایەتی سۆران

لە ڕۆژگاری میرایەتی سۆراندا لە سنووری قەڵەمڕەوی ئەو میرایەتییەدا زۆر خوێندنگەی گرنگ و مامۆستای گەورە دەرکەوتوون، هەموو ئەمانەیش بەهۆی پشتگیری میرەکانی سۆرانەوە بووە لە پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری، لە هەمان کاتدا کۆچی چەند بنەماڵەیەکی زانستی لە ئێران و سنووری دەسەڵاتی سەفەوییەکانەوە و نیشتەجێبوونیان لە ناوچەکانی سنووری قەڵەمڕەوی سۆراندا ڕۆڵی گەورەیان لە گەشەکردنی بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری لەو ناوچەدا بینیوە.

لە گرنگترین ئەو مەڵبەندە زانستییانەی لە سنووری میرایەتی سۆراندا دامەزراون و خزمەتی زۆری خوێندن و ڕۆشنبیرییان کردووە:

**یەکەم: ڕەواندز:** یەکێک لە مەڵبەندە زانستییەکانی سنووری میرایەتی سۆران شاری ڕەواندز بووە، ئەم شارە دوا پایتەختی میرایەتی سۆرانە، شاری ڕەواندز لە ڕۆژگاری میرایەتی سۆراندا، بەتایبەتی لە سەردەمی محەمەد پاشای میری کۆرەدا ناوەندێکی گرنگی خوێندەواری بووە، لە هەموو شوێنێکی کوردستانەوە قوتابی زانستەکان بۆ خوێندن و بەهرەمەند بوون لە مامۆستا و خوێندنگەکانی ڕوویان تێکردووە، لە هەمان کاتدا زۆر لە زانا و مامۆستا گەورەکان هەوڵیان داوە بڕۆنە ڕەواندز و لەو شارە تەدریس بکەن.

میری کۆرە لە ڕۆژگاری خۆیدا خوێندنگەیەکی گەورە لە ڕەواندز دەکاتەوە، یەکەم مامۆستای ئەو خوێندنگە مەلا محەمەدی ئیبنوئادەم (١٧٥٠-١٨٢٢ز) بووە، ئیبنوئادەم گەورەترین زاناو مامۆستای سەردەمی خۆی بووە، لە ڕۆژگاری مەلای ئیبنوئادەمدا ڕەواندز بووەتە ڕووگەی زانا گەورەکان و قوتابیانی زانستە شەرعییەکان، بۆ نموونە کەسایەتییەکی وەک مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە ناوچەی سلێمانییەوە چووەتە لای ئیبنوئادەم و لە زانست و دنیابینی بەهرەمەند بووە(٢٣).

هەروەها زانایانی گەورە مەلا یەحیای مزووری و مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی و مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی و چەندان زانای گەورەی تر ڕوویان کردووەتە خوێندنگەی مەلا محەمەدی ئیبنوئادەم و لە زانست و توانایی ئەو زانا گەورەیە بەهرەمەند بوون، مەلا محەمەدی ئیبنوئادەم لە گوندی ڕۆست بووە، لەسەر داوای میری کۆرە چووەتە ڕەواندز، داواکردنی میری کۆرە لە ئیبنوئادەم کە بچێتە ڕەواندز کردنەوەی خوێندنگە بۆ ئەو زانا گەورەیە بەڵگەی پشتگیری ئەو میرەیە لە پرۆسەی زانست و خوێندەواری لە قەڵەمڕەوەکەیدا(٣٤).

هەر لە ڕۆژگاری میری کۆرەدا ئەم میرە مزگەوتێکی گەورە و فراوان لە ڕەواندز دەکاتەوە، ئەو مزگەوتە بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە ناوەندێکی گرنگی خوێندن و ڕۆشنبیری، یەکێک لەو زانا گەورانەی لەو مزگەوتدا تەدریسی کردووە، مەلا محەمەدی خەتێ بووە، مەلای خەتێ زانایەکی گەورەی ڕۆژگاری خۆی بووە و لەسەر داوای میری کۆرە چووەتە ڕەواندز، هەروەها مەلا عومەری خەیلانی لەو مزگەوتەدا تەدریسی کردووە و لە زۆر جێگاوە قوتابی ڕوویان لەو مەڵبەندە گرنگە زانستییە و مامۆستاکانی کردووە.

لە ڕۆژگاری میری کۆرەدا نووسەری لێهاتوو (میرزا محەمەد) دەرکەوتووە، سەرۆکی نووسەران بووە، میری کۆرە داوای لێ کردووە مێژووی میرایەتی سۆران بنووسێتەوە، ئەویش ئەو مێژووەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو تۆمارکردووە(٢٥).

ئەو نووسین و شوێنەوارانەی هەتا ئێستا ماونەتەوە بەڵگەی بوونی بزاڤی ڕۆشنبیری و زانستی لە ڕەواندز، لەو دەستنووس و شوێنەوارانە، هەردوو کتێبی (البرهان للكلنبوي) و (الفناري) بە دەستخەتی محەمەدی کوڕی میرزا، لە ساڵی (١٠٢٠ک-١٦١١ز) نووسراونەتەوە، هەروەها دەستخەتێکی (التحفة) لە نووسینەوەی محەمەدی کوڕی جوەیرییە ئیلی لە ساڵی (١٠٦٨ک-١٦٥٧ز)، هەروەها دەستخەتی کتێبی (حدائق الدقائق) لە ساڵی (١٠٨١ک-١٦٧٠ز) لەلایەن ئەبووبەکری کوڕی سولەیمان لە خوێندنگەی نوێی ڕەواندز نووسراوەتەوە.

هەروەها لە ساڵی (١١٠٤ک-١٦٩٢ز) کتێبی (حاشية الزيباري) لەلایەن محەمەدی کوڕی مەحموودەوە لەو شارەدا نووسراوەتەوە، هەروەها نووسینی جزمی عەمەی (عم) قورئانی پیرۆز لە ساڵی (١٢٣٢ک-١٨١٦ز) لەلایەن ئیبراهیمی کوڕی موستەفای حاجی نەبی کاک عەلی لەو شارەدا نووسراوەتەوە، دەستنووسی کتێبی (المنهاج) لە ساڵی (١٢٤٩ک-١٨٣٣ز) لەلایەن عەبدولقادری کوڕی ئیبراهیمەوە بۆ موستەفا بەگ نووسراوەتەوە، هەموو ئەم دەستنووسانە و دەیانی تر بەڵگەی بزاڤێکی زانستی و ڕۆشنبیری گەورەن لە شاری ڕەواندز بە تایبەتی لەو ڕۆژگارەدا پایتەختی میرایەتی سۆران بووە، دەیان دەستنووسی بەنرخ لە کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ڕەواندز پارێزراون کە زۆربەیان مێژووەکەیان بۆ سەردەمی میرایەتی سۆران دەگەڕایەوە، بەڵام مەخابن لە ساڵی (١٩٥٧ز) ئاگری تێبەردەبێت و زۆر کەمی ڕزگاری دەبێت، ئەو سامانە نیشتمانییە گرنگە دەبێتە خۆراکی ئاگر(٢٦).

**دووەم: ماوەران:** ماوەران گوندێکی ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە قەزای شەقڵاوەیە، ئەم گوندە مەڵبەندێکی زانستی گرنگی زانست و ڕۆشنبیری بووە،

به تایبەتی دوای نیشتەجێبوونی بنەماڵەی حەیدەرییەکان لەو گوندەدا، پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد یەکێک لە هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری لە قەڵەمڕەوی سۆران نیشتەجێبوونی حەیدەرییەکان بووە لەو سنووری ئەو میرایەتییەدا.

دروستکردنی خوێندنگەی ماوەران بۆ حەیدەری گەورە کوڕی ئەحمەد کوڕی حەیدەری یەکەم دەگەڕێتەوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی دەیەمی کۆچی بەرانبەر سەدەی شازدەی زایینی ژیاوە، ناوبانگی زانستی بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەتەوە، لە هەموو لایەکەوە قوتابی ڕوویان تێ کردووە، تەنانەت لە وڵاتی ئێران و داغستان و خوراسان و زۆر جێگەی ترەوە قوتابی هاتوون لەو خوێندنگەیە خوێندوویانە، دوای حەیدەری گەورە نەوەکانی درێژەیان بە پرۆسەی زانستی داوە، حەیدەرییەکان زیاتر لە زانستەکانی (کەلام و لۆژیک و فەلسەفە) باڵادەست بوون و داهێنانیان تێدا کردووە(٢٧).

خوێندنگەی ماوەران ماوەیەکی زۆر مەڵبەندێکی زانیاری گەورە بووە، بەڵام زۆرجار بەر چەپۆکی چەرخی چەپگەرد کەوتووە، لەوە دەچێت داری بەسەر بەردییەوە نەمابێت و دوایی سەرلەنوێ بنیادنراوەتەوە(٢٨). لەو گوندەدا لە هەندێک کاتدا (١٦) خوێندنگەی تێدا بووە، لە هەریەکە لەو خوێندنگایانەدا مامۆستای لێهاتووی تێدا بووە و وانەی وتووەتەوە(٢٩).

لە دەستنووسەکانی حەیدەری گەورە (حاشیة علی حاشیة اللاري- في الحكمة) (حاشیة علی شرح حكمة العین- في الحكمة)(حاشیة علی شرح عصام الدین الاسفرایني علی رسالة العضدیة للایجي- في علم الوضع). ئیبراهیم فەصیح حەیدەری باسی گرنگی ئەو حاشیانە دەکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر حاشیە و شیکردنەوەی زانایانی حەیدەری لە سەر ئەو کتێبانە نەبوایە، تێگەیشتنیان زۆر زەحمەت بوو(٣٠).

ماوەران بۆ ماوەیەکی درێژ مەڵبەندێکی گەورەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بووە، ئەو دەستنووسانەی لەو خوێندنگەیەدا نووسراونەتەوە بەڵگەی چالاکی ڕۆشنبیری و زانستی ئەو خوێندنگە و توانایی زاناکانیەتی، یەکێک لەو دەستنووسانە (شرح عبدالغفور علی جامي) لە ساڵی (١٠٩٦ک-١٦٧٤ز) نووسراوە، هەروەها (الاسفار الاربعة- في الحكمة) لە ساڵی (١١٠٩ک-١٦٩٧ز) لەلایەن (رسول بن علی بن محمد) لە خوێندنگەی مەولانا حەیدەری گەورە لە ماوەران لە هەرێمی سۆران نووسراوەتەوە.

دەستنووسێکی دیکەی خوێندنگەی ماوەران (رسالة في وحدة الوجود) لەلایەن محەمەد جەفایی کوڕی مەحموود کوڕی عەبدوڵڵا بانەیی سێوجی لە ساڵی (١١١٤ک) لە ماوەران نووسراوەتەوە، هەروەها دەستنووسی (حاشیة ملا حیدر) بە خەتی ئەبووبەکر کوڕی یووسف شێخان، لە ساڵی (١١٤٤ک-١٧٣٠ز) لە خوێندنگەی ماوەران نووسراوەتەوە، هەروەها دەستنووسی (شرح العقائد العضدیة للدواني) لەلایەن محەمەدی بانەیی سێوجی لەساڵی (١١٥٤ک-١٧٣٩ز) لە ماوەران نووسراوەتەوە(٣١).

یەکێکی تر لە دەستنووسەکان (حاشیة علی شرح عصام الدین علی العقائد العضدیة) لە ساڵی (١١٤٩ک-١٧٣٦ز) لە ماوەران لە خوێندنگەی ئیبراهیم حەیدەر نووسراوەتەوە، هەروەها (شرح رسالة خلاصة الحساب للعاملي) دانراوی ئیبراهیمی کوڕی حەیدەر، لەلایەن ئەحمەد ڕەسووڵ تورکییەوە بۆ سەید ئیبراهیم موصلی نووسراوەتەوە لە ساڵی (١١٨٦ک-١٧٧٢ز)، هەروەها دەستنووسی (لوامع الاسرار في کشف شرح مطالع الانوار) دانراوی مەلا ئەبووبەکری میر ڕۆستەمی، ژمارەیەک لە قوتابییەکانی لە ساڵی (١٢١٠ک-١٧٩٤ز) لە ماوەران نووسیویانەتەوە.

هەروەها (حاشیة محمد بن سلیمان الکردي علی تحفة المحتاج- في الفقه) لەلایەن عەبدوڵڵا کوردییەوە بۆ مەلا ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم کوڕی حەیدەر نووسراوەتەوە، بە هەمان شێوە دەستنووسی (حاشیة القرباغي علی حسام کاتی) لەلایەن صاڵح کوڕی عەباس لە ساڵی (١٢٣٣ک-١٨١٧ز) لە مزگەوتی ماوەران نووسراوەتەوە، دەستنووسی (رسالة عصام الدین في علم الوضع) لەلایەن صاڵحی کوڕی عەباسەوە لە ساڵی (١٢٣٥ک-١٨١٩ز) لە ماوەران نووسراوەتەوە، هەموو ئەم دەستنووسانە و دەیانی تر لەلایەن مامۆستایان و قوتابیانی خوێندنگەی ماوەرانەوە نووسراونەتەوە، بەڵگەی ئاشکرا کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک بزاڤێکی زانستی و ڕۆشنبیری چالاک لەو گوندەدا بەردەوام بووە،

هەروەها زۆربەی دانراوەکـــانی زانایانی حــەیدەری لە زانستەکانی فەلسەفەدا بەڵگەی باڵادەستی زانایانی ئەو بنەماڵە و مەلای کوردە لە زانستە عەقڵییەکاندا(٣٢).

دوای گـەڕان و پشکنینی شـوێنەوار و دەسـتـخـەتی مامۆستایانی کورد، هیچ بنەماڵەیەک هێندەی بنەماڵەی حەیدەرییەکان کتێب و دەستنووسیان لە کتێبخانەکاندا نیــیــە، ئێـســتــاش هیچ بنەمــاڵـەیەک هێندەی ئەوان دەستنووس و شوێنەواری زانسییـان لە کتـێـخـانەکـاندا نەپارێزراوە، لەگــەڵ ئەوەش ئەو گـــوندی مـــاوەران و خوێندنگەکـانی حـەیدەرییـەکـانیش چەند جارێک بەر هێرشی سەفەوی کەوتوون و کتێبخانە و خوێندنگەکانیان سـووتێراوە و خـاپوور کـراوە، بابەتی بیـرەکـەی مـاوەران یەکـێـکە لەو کــارەسـاتانەی ڕووبەڕووی مـــاوەران و کتێبخانەکەی بووەتەوە(٣٣).

**سێیەم: شەقلاوە:** شارۆچکەیەکی سنووری میرایەتی سۆرانە، لە سەدەی دەیەمی کـۆچیـیـەوە بزاڤی زانسـتی تێدا بووە، یەکێک لەو دەستنووسانەی لەو شارۆچکەدا نووسـراوەتەوە (کـتــاب في الفـقــه)ـە لە نووسـیـنی عـەبدولڕەحـمـان ئەلیـاس عـومـەر شاوی، لە سـاڵی (٩٣٣ک-١٥٢٦ز) نـووســــــــراوەتـەوە، هـەروەهـا دەسـتنووسی (شـاعـر اوغلی) لە سـاڵی (٩٧٣ک-١٥٦٥ز) لە شەقلاوە نووسراوەتەوە، دەستنووسێکی تر (شرح العقائد النفیسة) لە ساڵی (٩٨٢ک-١٥٧٤ز) لەو شارۆچکەیەدا نووسراوەتەوە. هەر لە دەستنووسەکانی ئەو شـارۆچکەیە (کـتـاب مـغني المحتـاج) لە سـاڵی (١٠٥٧ک-١٦٤٧ز)و (حـاشـيـة حـسـين بن مـحـمـد الحريري) لە ساڵی (١٢٥٩ک-١٨٤٣ز) نووسراوەتەوە، دەستنووسێکی تر (الاستعارة) لە نووسینی ئیبراهیمی کـوڕی ئیـسـمـاعـیل، لە سـاڵی (١٢٩٠ک-١٨٧٣ز) نووسراوەتەوە، یەکێکی تر لە دەستنووسەکان (مختصر ابواب تکملة التـصـریف) لە نووسـیـنی ئیـبـراهیم شارانی(٣٤).

لەو زانایانەی نازناوی شەقـلاوەیان هەڵگرتووە، مـەلا مـحـەمـەد کـوڕی ئەبووبەکـری شـەقـلاوەیی، لە سـاڵی (١١٨٩ک-١٧٧٤ز) کـــۆچی دوایی کـــردووە(٣٥)، هەروەها مەلا تەها مەلا صادق لەو شارۆچکەیەدا وانەی وتووەتەوە و خزمەتی زانستی کردووە(٣٦).

**چوارەم: حەریر:** یەکێکی تر لە مـەڵبـەندە زانسـتی و ڕۆشنبیرییەکانی سنووری میرایەتی سۆران شارۆچکەی حەریرە، حـەریر مـاوەیەک پایـتـەختی مـیـرایـەتی سـۆران بووە، هەروەها لـەکـاتی هاتنی بنەمـاڵـەی حـەیدەری بۆ سنووری ئەو میرایەتییە لە شارۆچکەی حەریر نیشتەجێ بوون، لەدوای نیـشـتـەجـێـبـوونی حـەیدەرییـەکـان و بە پاڵپشتی میرەکانی سۆران حەریر دەبێت بە مەڵبەندێکی گرنگی خوێندن و ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا.

زۆربەی ئەو دەسـتنووسـانەی لەو خـوێندنگەیەدا نووسراونەتەوە بەڵگەی بزاڤێکی زانسـتی گـەورەیە لەو شـــارۆچکەیەدا، لەو زانایـانەی لەو شـــارۆچکەیەدا خـزمـەتیـان کـردووە، (عـبـدالله الأصم الأربیلي-١١٦٥ک-١٧٥١ز) لە مـزگـەوتی ئەو شارەدا کـتـێـبی (الفـتـحـيـة في شرح القـصـيـدة الخمرية)ی لە سـاڵی (١١٤٨ک-١٧٣٨ز) داناوە، مــەلا زوبێـر لە سـاڵی ١١٥١ک- ١٧٥٣ز، لە حـــەریر ئەم کــتـــێـــبـــەی نووسیوەتەوە، ئەم زانا بەهرەمەندە لە ڕۆژگاری خۆیدا بە (علامة العلوم) ناوبراوە(٣٨).

یەکــێـکی تر لەو دەسـتـنووسـانەی لەو شـارەدا نووسراوەتەوە (مغني المحتاج) بە دەستخەتی ئیبراهیمی کوڕی عـیـسا کوڕی سلێمان کوڕی عوسمان، لە ساڵی (١٠٥٥ک-١٦٤٥ز)، هەروەها لە دەستنووسەکانی ئەو شارە (شرح الاربعین)و (کتـاب التبيـان في آداب حملة القرآن) لە دەسـتنووسی ئیـبـراهیم کـوڕی عـەبدولعـەزیز کـوڕی ئیـسـمـاعـیل کـوڕی شێخ ئەسـفـیدوری لە سـاڵی (١١٥٤ک-١٧٤١ز)، هەر لە دەسـتـنووسـەکـانی ئەو خوێندنگە کـتێبی (التصریف)ی مەلا عەلی شنۆیی، بە دەستخەتی مەلا حسێنی دەشتەوی لە ساڵی (١٢٤٩ک-١٨٣٣ز)، هەر لە خوێندنگەی حەریر شێخ عـەبدوڵڵای مەحـمـوودی ناسـراو بە شێخ مـەحـمـوودی کـتـێـبی (بیـان البـیـــان) لە زانســـتی (الوضع)دا داناوە، هەروەها مـحـەمـەدی کوڕی مـحـەمـەدی کوڕی ئیـسماعیل کـتـێبی (رسالة لابن حجر)ی لە خوێندنگەی خانزادە خاتوون لە شارۆچکەی حەریر نووسیوەتەوە(٣٩).

بوونی ئەو ژمارە زۆرەی دەستنووس کە لەو خوێندنگە و مـزگـەوتەکـانی حـەریردا نووسـراونەتەوە، بە تایـبـەتی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی میرایەتی سۆراندا بەڵگەی بزاڤێکی زانسـتی گـەورەیە لەو شـارۆچکەیەدا، لە هەمـان کـاتدا بەڵگەی پشـتـگیـری مـیـرەکـانی سـۆرانە لە زانایان و

پرۆسەی خوێندن لە قەڵەمڕەوەکەیاندا.

**پێنجەم: خوێندنگەی بالیسان:** یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی خۆشناوەتی، لە کۆنەوە خوێندنگەی تێدابووە، هەر لە کۆنەوە بووەتە ناوەندێکی زانستی و ئایینی، زۆر زانای گەورە و شەرعزانی ناسراو لەو گوندەدا خوێندنیان تەواو کردووە، لە سەدەی دوازدەی کۆچی و هەژدەی زایینی زۆر زانای گەورە لەو خوێندنگەیەدا هەڵکەوتوون، لەوانە: مەلا عەبدوڵڵا و زانا و گەڕیدە مەلا تەهای بالیسانی و لە دوای ئەویش نەوەکانی درێژەیان بە خزمەتی زانست داوە.

لە گوندی بالیسان مەلا عیسای کوڕی ئەحمەدی عەباسی بالیسانی، کە لە ساڵی(١٢٠٠ك-١٧٨٦) کۆچی دوایی کردووە، خوێندنگەی کردووەتەوە و وانەی تێدا وتووەتەوە، یەکێک لەوانەی لای خوێندوویە مەلا تەهای بالیسانی گەڕیدە بووە، گوندی بالیسان بەردەوام خوێندنگە و زانای ئایینی تێدا بووە، هەر ئەوەیش وای کردووە ژمارەیەک دەستنووس لەو گوندەدا بنووسرێنەوە، یەکێک لەو دەستنووسانە (حاشیة محي الدين) لە نووسینی مستەفا کوڕی ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم بالیسانییە، لە ساڵی (١١٣١ك-١٧١٨ز) لە خوێندنگەی مەلا عیسا لە بالیسان نووسراوەتەوە، هەروەها دوو دەستنووسی (الفوائد الضيائية، حدائق الدقائق) لە ساڵی (١١٤٤ك-١٧٣١ز) لە نووسینەوەی عیسای کوڕی ئەحمەد لە گوندی بالیسان نووسراونەتەوە.

هەر لە دەستنووسەکانی گوندی بالیسان (كتاب الإمام الشيرازي) بە دەستخەتی عەبدولعەزیزی کوڕی حامد، لە ساڵی (١١٧١ك-١٧٥٧ز) لە خوێندنگەی بالیسان نووسراوەتەوە، هەروەها دەستنووسی (حاشية اللاري) بە دەستخەتی محەمەد کوڕی مەحموود کوڕی محەمەد القوتبيني، لە ساڵی (١٢١١ك-١٧٩٦ز) لەو گوندەدا نووسراوەتەوە، یەکێکی تر لە دەستنووسەکانی گوندی بالیسان (تهذيب المنطق) بە دەستخەتی ئەحمەدی کوڕی حەسەن کوڕی عەبدوڵلا، لە ساڵی (١٢٩١ك-١٨٧٤ز) نووسراوەتەوە(٤٠).

هەروەها مەلا تەهای بالیسانی گەڕیدە کە لە ساڵی (١١٣٦ك-١٧٢٣ز) لە بالیسان لە دایک بووە باس لەوە دەکات کە سەرەتای خوێندنی لای باوکی دەست پێ کردووە و باوکی زانایەکی گەورە بووە هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە، ئاماژە بەوەش دەکات دایکی و نەنکی خوێندەوار بوون و پووری زانا بووە و کچی مامۆستاکەی مەلا محەمەد بووە(٤١). ژمارەیەک ژنی خوێندەوار لەو گوندەدا لەو کات و سەردەمەدا بەڵگەی پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری ئەو گوند و ناوچەیەیە.

بوونی ژمارەیەک دەستنووس کە لە خوێندنگەی بالیسان نووسراوەتەوە بەڵگەی ئەوەیە لە خوێندنگەی ئەو گوندەدا بزاڤێکی زانستی چالاک بۆ ماوەی چەند سەدەیەک بەردەوام بووە، هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت بەشێکی زۆری ئەو دەستنووسانە لە سەردەمی میرایەتی سۆراندا نووسراونەتەوە، ئەوەیش ئاماژەیە کە لە ڕۆژگاری میرایەتی سۆراندا بزاڤی زانستی لە سنووری قەڵەمڕەوی ئەو میرایەتییەدا چالاک بووە.

**شەشەم: خوێندنگەی زیارەت:** زیارەت گوندێکی سنووری میرایەتی سۆرانە، چەندان زانای گەورە لەم گوندەدا پێگەیشتوون و خزمەتی زانستیان کردووە، لەوانە مەلا مستەفای زیارەتی (١١٣٠-١١٩٨ك-١٧١-١٧٨٣ز) لە سەردەمی خۆیدا بە شارەزاترین زانای فیقهی ناسراوە کە کەس نەبووە هاوشانی بێت لە ڕۆژگاری خۆیدا، هەروەها زانای ناسراو مەلا عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا مستەفای زیارەتی، لە پێیان وتووە (چرای زانستی وڵاتی کوردانی ڕووناک کردووە)، بەهۆی شارەزایی لە زانستەکاندا، یەکێک لە قوتابییەکانی شێخ صیبغەتوڵڵای زیارەتی بووە لە ڕۆژگاری داود پاشای والی بەغدا چووەتە بەغدا(٤٢). هەر لە زانا ناسراوەکانی زیارەت مەلا محەمەدی زیارەتی (١١٩٦ك-١٧٨١ز) و مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای زیارەتی لە دوای ساڵی (١٢٥٢ك-١٨٣٦ز) کۆچی دوایی کردووە، گەردوونناس (فلكي) بووە و لەو بوارەدا دانراوی هەیە(٤٣).

لەو کتێب و دەستنووسانەی لە گوندی زیارەت نووسراونەتەوە و پارێزراون، دەستنووسی (الفوائد الصمدية في علم العربية) جەرجیسی کوڕی عەبدوڵڵا لە گوندی زیارەت نووسیویەتییەوە، هەروەها (حاشية الخيالي) لە نووسینەوەی ئەبووبەکری کوڕی محەمەدی کۆیی صدیقی بۆ مەلا مستەفای مودەڕیس لە گوندی

زیارەت، هەروەها (الرسالة الحنفیة) لە نووسینی حەبیبوڵڵای کوڕی محەمەد ئەمین لە گوندی زیارەت لە ساڵی (١٢٧٣ک-١٨٥٦ز) نووسراوەتەوە، دەستنووسێکی تر (حاشیة التوکلي) لە نووسینی محەمەدی کوڕی مەلا مستەفا لە ساڵی (١٢٧٢ک-١٨٥٥ز)، هەروەها (حاشیة الواقعة علی النسبة بین بین)ی محەمەدی تەوەکەلی، لە نووسینی محەمەد هەنارە لە ساڵی (١٢٧٧ز-١٨٦٠) لە گوندی زیارەت نووسراوەتەوە(٤٤).

**حەوتەم: خوێندنگەکانی ڕۆست و دیڵزە:** ڕۆست یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتی و سنووری میرایەتی سۆران، هەرچەندە ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، بەڵام بووەتە ڕووگەی زانایان، یەکێک لەو زانا گەورانەی لەو گوندەدا وانەی وتووەتەوە و خزمەتی زانستی کردووە مەلا محەمەدی ئیبنوئادەمە، ئەم زانا گەورە بە فەرمانی میری سۆران (پاشای کۆرە) لەو گوندەدا دانیشتووە و خزمەتی خوێندن و ڕۆشنبیری کردووە، مەلای ئیبنوئادەم زۆربەی دانراوەکانی لەو گوندەدا نووسیوە و لە ڕێگەی قوتابیەکانییەوە بە هەموو خوێندنگەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئەو نووسراو و شوێنەوارانەی لەو گوندەدا نووسراون بەڵگەی بزاڤێکی زانستی گەورەیە لەو گوندەدا لە هەردوو سەدەی دوازدە و سێزدەی کۆچی بەرانبەر سەدەی حەڤدە و هەژدەی زایینی.

لەو دەستنووسانەی لەو گوندەدا نووسراوەتەوە (شرح العقیدة الشیبانیة) لە نووسینی عەبدولقادر عوسمان محەمەد ئیسحاق، لە ساڵی (١١٧٨ک-١٧٦٤ز) لە خوێندنگەی ڕۆست نووسراوەتەوە، هەروەها (حاشیة اللاري) لە نووسینی ئیبنوئادەم، لە ساڵی (١١٩٤ک-١٧٨١ز)، هەروەها هەندێکی تر لە دانراوەکانی ئیبنوئادەم لەو گوندەدا نووسراونەتەوە(٤٥). نووسینێکی تری ئەو گوندە کتێبی(کتاب المحلي) لە نووسینی محەمەد ئیبراهیم ئەلی ئیبراهیم، لە ساڵی (١٢٩٢ک-١٨٧٤ز) لە خوێندنگەی ڕۆست نووسراوە، دەستنووسێکی (التصریف)ی مەلا عەلی، لە نووسینی عەبدولڕەحیم ئەحمەد باڵەکی، لە ساڵی (١٣٩٤ک-١٩٣٠ز) لە خوێندنگەی ڕۆستدا نووسراوەتەوە(٤٦)، هەروەها مەلای ئیبنوئادەم بەشێک لە نووسینەکانی لە گوندی دیڵزەدا نووسیوە و لەو گوندەشدا وانەی وتووەتەوە و خزمەتی زانستی کردووە، زۆربەی دەستنووسەکانی خوێندنگەی ڕۆست و دیڵزە بەڵگەی بزاڤی زانستی و خوێندنە لەو گوندەدا.

**هەشتەم: خوێندنگەی میر ڕۆستەمە:** یەکێکە لە گوندەکانی سنووری میرایەتی سۆران سەر بە شارۆچکەی شەقڵاوە، لە زانا ناسراوەکانی ئەم گوندە مەلا ئەبووبەکری میرڕۆستەمی، لە ساڵی (١٨١٤ز) لە دایک بووە، یەکێک بووە، زانا بەهرەمەندەکان و دەریای زانست بووە(٤٧).

لای زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی خوێندوویەتی، ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە زانستی بەهرەمەند بوون، دانراو و حاشیەی لە سەر زۆر کتێبی بە نرخ نووسیوە، بە تایبەتی لە زانستەکانی لۆژیک و ڕەوانبێژیدا، هەندێک لەو دانراوانە لە هەموو خوێندنگەکانی عێراقدا خوێنراون(٤٨).

چەند نەوەیەک لەو گوندەدا خزمەتی خوێندن و نووسین و وانەوتنەوەیان کردووە، لە پەراوێزی دەستنووسی (بیان البیان)ی شێخ عەبدوڵڵای مەحموودی و کوڕی خدر، لە نووسینەوەی عەبدوڵڵا عومەر ڕەسوڵ سورچی نووسراوە: لە خزمەتی مەلا حوسێنی هەرکی لە ساڵی (١٣٢٤ک-١٩٠٦ز)، لە گوندی میرڕۆستەمدا نووسراوەتەوە، هەروەها لە کۆتایی دەستنووسی (رسالة في الاستعارة والوضع) لەلایەن حەمزەی عەزیز محەمەد لە ساڵی (١٣٢٣ک- ١٩٠٥ز) لە گوندی میر ڕۆستەم نووسراوەتەوە(٤٩).

یەکێک لە بەڵگەکانی پایەی گەورەیی زانایانی کوردستان بە گشتی و ناوچەی خۆشناوەتی بە تایبەتی کاتێک سوڵتانی عوسمانی دەیەوێت زانایەکی لێهاتوو بۆ باشووری ئەفەریقیا بنێرێت لەسەر ئاستی ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیە زانایەکی کوردی وەک مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی شارەزووری هەڵدەبژێرن، مەلا ئەبووبەکر خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتی و لە ساڵی (١٩١٤ز) لە گوندی (سیساوە) لەدایک بووە، لە ساڵی (١٨٦٢ز) نێردراوە بۆ باشووری ئەفەریقیا، دوای ئەوەی دەچێتە ئەو وڵاتەو چارەسەری کێشەکان دەکات، هەر لەسەر دەستی ئەم زانایە مەزهەبی ئیمامی شافیعی لەو وڵاتە بڵاوبووەتەوە، لە سەر داوای موسڵمانی ئەو وڵاتە دەمێنێتەوە، هەتا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٨٨٠ز)

لەوێ کۆچی دوایی دەکات و گۆڕەکەی لە شاری (کیپتاوان)ـە لە باشووری ئەفەریقیا(٥٠).

**نۆیەم: خوێندنگەی دوین:** گوندێکی سنووری میرایەتی سۆران و سەر بە شارۆچکەی شەقڵاوەیە، لە سەدەکانی ئەم دواییەدا بزاڤێکی زانستی تێدا بووە، مەلا ئەبووبەکر وەیس حوسێنی کوردی سەرسی تەفسیری (الجلالین)ی لە ساڵی (١١٠٣ک-١٦٩١ز) لەو گوندەدا نووسیوەتەوە، خوێندنگەیەکی بە ناوی مەولانا ئیبراهیمی کوڕی حەیدەر تێدا بووە، ئەحمەدی کوڕی حوسێن کتێبی (شرح مغني الطلاب) لە ڕێزمانی عەرەبیدا نووسیوەتەوە، هەروەها دەستنووسی (شرح عوامل الجرجاني) لە نووسینی ئەبووبەکر ئیبراهیم، لە ساڵی (١١١٨ک-١٧٠٦ز) نووسراوەتەوە، دەستنووسێکی تری ئەو گوندە (شرح عصام الدين على الرسالة العضدية في علم الوضع) لە نووسینی ئیبراهیم ئیسماعیل لە ساڵی (١١٣٢ک-١٧٠ز). هەروەها (حاشية اللاري) لە خوێندنگەی عەبدوڵڵا حەیدەری لە گوندی دوین، لە ساڵی (١٢٠١٥ک-١٨٠٠ز) نووسراوەتەوە، هەروەها چەند دەستنووسێکی تر لەو گوندەدا نووسراونەتەوە.

**کۆتایی**

دوای ئەم توێژینەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕۆژگاری میرایەتی سۆراندا بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری لە سنووری ئەو میرایەتییەدا گەشەی کردووە، میرەکانی سۆران لەگەڵ هەموو نائارامییەکی سیاسی و هێرشی بەردەوامی عوسمانی و سەفەوی بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ململانێ و ناکۆکی و ناوخۆیی میرایەتییە کوردییەکان بۆ سەریەکتری، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا میرەکانی سۆران لە سنووری حوکمڕانی خۆیاندا بەردەوام پشتگیری بزاڤی خوێندن و زانستیان کردووە.

یەکێک لە سیاسەتی زانستی و ڕۆشنبیری میرەکانی سۆران کۆکردنەوەی زانا گەورەکان بووە لە سنووری قەڵەمڕەوەکەیاندا، بەهۆی ئەو سیاسەتەیانەوە میرەکانی سۆران دەتوانن هەردوو بنەماڵەی حەیدەری و مەلا گچکەی هەولێری ببەنە سنووری دەسەڵاتەکەیان، حەیدەرییەکان سەرەتا لە حەریر، پاشان لە ماوەران و هەولێر و زۆر جێگەی تر نیشتەجێ دەبن، بنەماڵەی حەیدەری ڕۆڵی گەورەیان لە پێشخستنی بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری لە هەموو کوردستاندا هەبووە، هەروەها بنەماڵەی مەلا گچکەی هەولێری لە هەولێر و دەوروبەری خزمەتی زۆریان بە پرۆسەی زانست و خوێندن کردووە.

میرەکانی سۆران بە بەردەوامی خوێندنگە و مزگەوتیان کردووەتەوە و پشتگیری زانایانیان کردووە، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری گەشەکردنی میراتیەکەیاندا لە ڕەواندز، مزگەوت و خوێندنگەکانی ئەو شارۆچکە دەبنە شوێنی کۆبوونەوەی زانا گەورەکان و لە هەموو شوێنێکەوە قوتابی ڕووی کردووەتە خوێندنگەکانی ئەو شارە، مزگەوت و زانا و خوێندنگەکانی ئەو ڕۆژگارەی ڕەواندز و زۆریی ژمارەی قوتابی کە لەو شارەدا خوێندوویانە و ئەو دەستنووسانەی لەو شارەدا نووسراونەتەوە بەڵگەی بزاڤێکی زانستی گەورەیە کە لەو شارەدا بووە.

دەرکەوتنی چەندان مەڵبەند و خوێندنگەی زانستی لە سنووری قەڵەمڕەوی سۆران، هەروەها ئەو گەشەکردنە زانستی و ڕۆشنبیرییەی لەو سنوورەدا سەری هەڵداوە، بەهۆی ئەو گەشەکردنە ڕۆشنبیرییەوە هەستی نیشتمانی و ئازادیخوازی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە گەشەی کردووە و ڕاپەڕین دژی داگیرکەرانی کوردستان کراوە، هەموو ئەمانەیش لە ئەنجامی پشتگیری و هاوکاری میرەکانی سۆران بووە لە پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری لە قەڵەمڕەوەکەیاندا.

**پەراوێزەکان:**

١- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، وەرگێڕانی هەژار، چاپی هەشتەم ١٣٩٣ هەتاوی، تاران، ل ٣٣٦-٣٣٧. هەروەها: ممدوح مزوری، مێژووی ڕەواندز، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ز، چاپخانەی منارە- هەولێر، ل ١٦٧ بەدواوە، هەروەها :حوسێن حوزنی سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، چاپی دووەم٢٠١١ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، بەرگی دووەم، ل١١ بەدواوە.

٢- المحامي عباس العزاوي، أربل في مختلف العصور، الطبعة الأولى، ١٤٢٢هـ١٢٠٠١م، شركة الخنساء، بغداد، ص١١٦ وما بعدها.

٣- زبير بلال اسماعيل، أربيل في أدوارها التاريخية، دراسة تاريخية عامة لاربيل وانحائها منذ أقدم العصور حتى الحرب العالمية الاولى، الطبعة الاولى، ١٩٧٠م، مطبعة نعمان، العراق، ص ٣١٠ وما بعدها.

٤- د.کاوس قەفتان، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی بابان، سۆران، بۆتان، چاپ یەکەم، چاپخانەی الحوادث- بغداد، ل٤٣ بەدواوە.

٥- ن.أ.خەلفین، خەبات لە ڕێی کوردستاندا، وەرگێرانی: جەلال تەقی، چاپی یەکەم، ١٩٧١، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ل٦٤.

٦- بڕوانە: محەمەد قزڵجەیی، ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی و خوێندنگە ئایینییەکانی، وەرگێڕانی د.ئاراس محمد صالح، چاپی یەکەم، ٢٠١٣ز، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل٢٥ بەدواوە.

٧- بڕوانە: زبیر بلال اسماعیل، أربیل في أدوارها التاریخیة دراسة تاریخیة عامة لأربیل وأنحائها منذ أقدم العصور حتی الحرب العالمیة الاولی، الطبعة الأولی، ١٩٧٠م، مطبعة نعمان- العراق، ص ٣١٠ وما بعدها.

٨-بڕوانە: د. عماد عبدالسلام رؤوف، أمراء وعلماء من كردستان في العصر العثماني، الطبعة الاولی، ٢٠١٦م، دار الزمان- بیروت، ومكتب التفسیر، أربیل، ص٨٥.

٩- بڕوانە: د.کەمال مەعروف، سەرجەمی بەرهەمی حاجی عەبدوڵڵای جەلیزادە، چاپی یەکەم ١٤٣٤ک-٢٠١٣ز، نووسینگەی تەفسیر- هەولێر، ل١١-١٢. هەروەها: مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم ١٩٧٤ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی دووەم، ل ٢٣ بەدواوە.

١٠- بڕوانە: مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ١٩٧٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی یەکەم، ل ٢٢٢-٢٢٣.

١١- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکدانەوەی سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، محەمەدی مەلا کەریم، سەعید کەرەمی، چاپی دووەم ١٣٩١هەتاوی، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ل٢٣١-٢٣٢.

١٢- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ١٩٧٦ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی سێیەم، ل٣٥٤.

١٣- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢١٢-٢١٣.

١٤- إبراهیم فصیح الحیدري، المجد التالد في مناقب حضرة مولانا خالد، الطبعة الأولی، ٢٠١٤م، المكتبة الهاشمیة،اسطنبول، ص٩٧-٩٨. الشیخ عبدالرزاق البیطار، حلیة البشر في تاریخ القرن الثالث عشر، التحقیق: محمد بهجت البیطار، الطبعة الثانیة ١٤١٣هـ-١٩٩٣م، دار صادر، بیروت، م٣ص ١٥٧٩-١٥٨٠، المحامي عباس العزاوي، أربیل في مختلف العصور، ص١٠٦.

١٥- عەلادین سەجادی، کوردەواری، چاپی یەکەم ١٩٧٤ز، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ل ٩٨، هەروەها: د.فائز الملا بكر، ماضي الحالة العلمیة في كردستان ومساهمة العلماء الكرد فیها وعلاقتهم مع علماء العالم الاسلامي، گۆڤاری نوێسازی، ژمارە (١) بەهاری ٢٠٠٩ز، ل١٧٢ بەدواوە. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چاپی یەکەم، ١٩٧٩ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، ل٩٨-٩٩.

١٦- زبیر بلال اسماعیل، أربیل في أدوارها التاریخیة، ص ٢٧٢-٢٧٣. هەروەها: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، ١٤٠٤ک-١٩٨٤ز، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ل٢٢٣ بە دواوە. هەروەها: د.ئاراس محمد صالح، مەلا محەمەدی ئیبنوئادەمی باڵەکی سەرەتاکانی بیری نوێکردنەوەی ئایینی لە کوردستان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٣٤) کانونی یەکەمی، ٢٠١٤ز.

١٧- بڕوانە: عبدالكریم محمد المدرس، علماءنا في خدمة العلم والدین، الطبعة الأولی، ١٤٠٣هـ١٩٨٣م، بغدا، ص٣٤-٣٦. هەروەها: حوسێن حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ل١٧-١٨.

١٨- زبیر بلال اسماعیل، أربیل في أدوارها التاریخیة، ص ٢٧٢-٢٧٣.

١٩- عەلی خەزنەدار، میرایەتی سۆران، چاپی یەکەم، ٢٠١٤ز، چاپخانەی کارۆخ، ل٧٦.

٢٠- بڕوانە: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤ز، سلێمانی، ل٢١-٢٢.

٢١- بڕوانە: مەمدوح مزوری، بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندز، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ز، چاپخانەی جوندیان- هەولێر، ل ٧٩ بەدواوە.

٢٢- بڕوانە: الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقیة في تاریخ الكرد الحدیث وحضارتهم، الطبعة الأولی، ٢٠١٢م، دار الزمان، دمشق، سوریا. مؤسسة التفسیر، أربیل، ص ٣٢٠.

٢٣- بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چاپی یەکەم ١٩٧٦ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی یەکەم، ل١٩ بە دواوە.

٢٤- د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافیة مغمورة في كردستان، الطبعة الأولی، ٢٠٠٨م، مطبعة خاني، دهوك، ص٨٢-٨٣.

٢٥- حوسێن حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، بەرگی دووەم، ل٤٣-٤٤.
٢٦- د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص٨٤-٨٥.
٢٧- زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في أربيل، ص٢٥-٢٦.
٢٨- محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ز، دەزگای ئاراس، هەولێر، بەرگی شەشەم، ل١٧٩.
٢٩- محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چاپی یەکەم، ١٤٢٢ک-٢٠٠٢ز، چاپخانەی الخنساء، بەغدا، بەرگی چوارەم، ل٣٢٧.
٣٠- ابراهيم فصيح الحيدري، عنوان المجد فى بيان أحوال بغداد والبصرة ونجد، تحقيق: معن حمدان على، الطبعة الأولي، ١٤٣٤هـ٢٠١٣م، مصر مرتضى للكتاب العراقي، بغداد، ص٢٠٦.
٣١- د. عماد عبدالسلام رؤوف، الآثار الخطية في دار التربية الاسلامية، مجلة المورد، م٦، العدد٢، بغداد، ١٩٧٧.
٣٢- د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص١٥٦-١٥٩. و زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في أربيل، ص٣٨.
٣٣- محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب٦ص١٧٨.
٣٤- د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص١٠٠-١٠١. و زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس فى أربيل، ص٢٤.
٣٥- بڕوانە: مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەحرەکەیی، مێژووی زانایانی کورد، چاپی یەکەم، ٢٠١٠ز، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، بەرگی سێیەم، ل٤١.
٣٦- عبدالكريم محمد المدرس، علماءنا في خدمة العلم والدين، ص٢٥٤.
٣٧- زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في أربيل، ص٢٥.
٣٨- محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چاپی یەکەم ١٤٢١ک-٢٠٠٠ز، چاپخانەی الخنساء، بەغدا، بەرگی سێیەم، ل١٢٧-١٢٨.
٣٩- د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص٦٧-٦٨.
٤٠- د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص٣٣-٣٤.
٤١- الشيخ طه الباليساني، رحلة طه الكردي الباليساني في العراق وبلاد الشام والاناضول ومصر والحجاز، التحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، الطبعة الآولى، ٢٠٠٧م، مؤسسة موكرياني اربيل، ص٧ وما بعدها.
٤٢- ابراهيم فصيح الحيدري، عنوان المجد في أحوال بغداد والبصره ونجد، ص٢٢٤.
٤٣- زبير بلال اسماعيل، علماء زیارەت، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٤) تشرینی دووەم، ١٩٨٣ز، ص ١٤٨ بەدواوە.
٤٤- د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص٨٩-٩٠. و زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في أربيل، ص٢٤.
٤٥- الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي، الطبعة الأولى، ١٩٦١م، مطبعة التمدن- بغداد، ص ١٠٣-١٠٥.
٤٦- د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص ٨٥-٨٦-٨٠-٨١.
٤٧- ابراهيم فصيح الحيدري، عنوان المجد في بيان أحوال بغداد والبصره ونجد، ص ٢٢٨.
٤٨- عبدالكريم محمد المدرس، علماءنا في خدمة العلم والدين، ٣٣-٤.
٤٩- د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص١٦٤-١٦٥. و عبدالكريم محمد المدرس، علماءنا في خدمة العلم والدين، ص٣٣-٣٤.
٥٠- بڕوانە: هێمن عومەر خۆشناو، شەقڵاوە و خۆشناو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، ٢٠١٨ز، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ل٢٠. مامۆستا مەمدوح مزوری دەڵێت ئەو زانا کوردە چووە بۆ باشووری ئەفریقیا مەلا ئەبووبەکری میر ڕۆستەمەیە، بەڵام ئەو مەلا ئەبووبەکرە جیاوازە لە مەلا ئەبووبەکری میر ڕۆستەمە. بڕوانە: مەمدوح مزوری، بیرەوەری و عەجائباتی زەمان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣ز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٦٥-٦٧.
٥١- د.عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص ٧٨-٧٩.